
ڕەحیم ڕەشیدی 2004.12.17

# کۆنگرەی 13ی حیزب لوتکەی ئاڵوگۆڕە جیددییەکان


ڕەحیم ڕەشیدی

کۆنگرەی 13ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 13ی پووشپەڕی 1383ی هەتاوی، بەرامبەر بە 3ی مانگی جولای 2004ی زایینی پاش 5 ڕۆژ کاری بەردەوام، ئێوارێ ڕۆژی چوارشەممە 17ی پووشپەر، بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا1. کۆنگرە لە قۆناخێکی گرینگ و ناسك و هەستیاری مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی میللەتەکەماندا پێکهات. پێویست بوو وەڵامی زۆر مەسەلەی جیددی و سەردەمیانە بداتەوە و خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێی نێوخۆ، ناوچەکە و دونیا ڕێکخات و لەو دەرفەتانەی کە بۆ بەرەوپێش بردن و وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد هاتوونە پێش کەڵکی پێویست وەرگرێت.

دیارە زۆر پرس و بابەت لە کۆنگرەدا هاتنە ئاراوە و پاش لێدوان و هەڵسەنگاندنی ورد و ژیرانە لەلایەن بەشداربووانی کۆنگرەوە، پەسندکران. هەر کام لە و برگە و بابەتە پەسەندکراوانە نرخ و بایەخی خۆیان هەیە و پێویست دەکات لێکۆلینەوەیان لەسەر بکرێت و بەرز بنرخێندرێن و گرینگی‌یان بۆ بیروڕای گشتی شی بکرێتەوە و وەکو داهێنانی مۆدێرن و سەردەمیانەی تێکۆشەرانی دێموکرات لە مەیدانی خەباتی میللی دێموکراتیکی نەتەوەکەماندا، بخرێتە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و حیسابیان بۆ بکردرێت و بە قازانجی گەشەپێدانی هەرچی پتری بزووتنەوەی حەقخوازانەی نەتەوایەتی و ڕاکێشانی چڕتر و بەربڵاوتری چین و توێژی ڕووناکبیر و خوێندەواری کۆمەڵگە بۆ نێو جەرگەی تێکۆشانی بەکردوە کەڵکی لێوەرگیرێت.

گۆڕینی دروشمی ستراتژی حیزب لە"دێموکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان" بۆ "دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵی‌دا" پاش تێپەڕبوونی 59 ساڵ لە خەباتی سەخت و دژواری حیزبەکەمان لەپێناوی وەدیهێنانی ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرینگی و بایەخی خۆی هەیە و جێگای تێڕامان و ئاوڕلێدانەوەییە.

بەخشینی ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی کوردستانی‌تر بە سیما و جەوهەری حیزب دەستکەوتێکی دیکەی کۆنگرەییە کە بێ گومان ڕۆڵەکانی گەلی کورد بایەخی بۆ دادەنێن و بە ڕێزەوە بۆی دەڕوانن. لەم بارەوە دەتوانین ئاماژە بە پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماددەی دووەم (ئەندامانی حیزب) بدەبین کە دەڵێت: "...کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەتوانن لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکرات دا ببنە ئەندام و ئەگەر زیاتر لە 5 ساڵ لە کوردستانی ئێران ژیان، ببنە ئەندامی حیزب.2" ئەمانە و زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە شایانی ئاوڕلێدانەوە و هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنن و پێویستە لە باری ڕامیاری و هزرییەوە بایەخیان بۆ دابندرێت و لەسەریان بنووسرێت و پتر شی بکرێنەوە، تاکو بەرهەم و قازانجەکانی لە قۆناخی ئێستا و داهاتوودا پتر خۆ دەرخات و بە درەوشاوەیی بمێنێتەوە.

خاڵێك کە دەخوازم لەم وتارەدا ئاوڕی لێبدەمەوە و بەرز بینرخێنم و بە دەستکەوتێکی گەورە و زێڕینی خەباتی حیزبی لێك بدەمەوە، پراکتیزەکردنی بەندێکی پێڕەوی نێوخۆی حیزبە کە لە کۆنگرەی 11ی حیزبدا کە پاییزی ساڵی 1376ی هەتاوی بەرانبەر بە 1997ی زایینی لە کوردستان بەسترا، لەسەر داوا و پێشنیاری بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات هاتە کایەوە و بەدوایی باس و خواستێکی زۆردا لە کۆنگرەدا پەسەندکرا. ئەویش مەسەلەی دوو دەورە سکرتێری بەدوایی یەکدایە.لە پێڕەی نێوخۆی حیزب"ماددەی دەیەم: کومیتەی ناوەندی" هاتووە کە: "...هیچ کەس زیاتر لە دوو کۆنگرەی بەدوای یەکدا وەك سکرتێری گشتی هەڵنابژێردرێ3."

ئەم مەسەلە ڕەنگە بۆ جیهانی پێشکەوتوو و گەشەسەندوو لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری

ڕۆژئاوا، کە دەیان ساڵە سیستەمی دێموکراسیانەی تێدا بونیاد نراوە و هەموو کەس لە ئاست یاسادا بەرانبەر و بەرپرسیارە و مافی وەکویەك لە ئاست یاسادا بۆ دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات مسۆگەر کراوە و ئازادی تاك و هەڵسووڕانی ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنی و دێموکراتیك و جەماوەرییەکان و زەخت و زۆری ئاشکرای ئەوان بۆسەر دەسەڵاتی ڕامیاری لە کەس شاراوە نییە، شتێکی ئاسایی و بچووك بێت و نەبوونی بە خاڵێکی لاواز بێتە ئەژماردن. بەڵام وەها دیاردەیەك بۆ بزووتنەوەی کوردستان ـ ئەویش لە قۆناخی سەخت و دژواری خەباتی شاخدا ـ وەرچەرخانێکی گرینگی دێموکراسیانەییە کە لە زۆر ڕوانگەوە دەکرێت شی بکرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

زیندوونەبوونی بیرورای گشتی لەمەڕ ئاڵوگۆڕەکان، ڕووداو و کارەساتەکان، جێگیربوونی درێژماوەی سیستەمی تۆتالیتێر و سەرەڕۆ و پێشێلکردنی ئاشکرا و بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ و لاوازی و بەستراوەیی ناوەندە ڕۆشنبیری و کەلتوری و مەدەنییەکان و نەبوونی چاپەمەنی و مێدیای ئازاد و سەربەخۆی شوێندانەر لەسەر بیرورای گشتی و دەسەڵاتی سیاسی و دینی... هتد، پتر گرینگی پراکتیزەکردنی ئەم بڕیارەمان بۆ بەرجەستە دەکاتەوە.

لایەنێکی پڕبایەخی دیکە کە دەکارین هەڵوێستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە لە ناوچەی سەرەکی تێکۆشانی ئێمەدا سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بەستراوە بە دەسەڵاتی سیاسین و هەرچی دەسەڵاتی ڕامیاری بەهێزتر دەبێت جێگە و پێگەی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ لەقتر و لەرزۆکتر دەبن و لە ئاکامدا زۆربەی هەرە زۆری وەرچەخانە سیاسییەکان، وەرچەرخانێکی نادێموکراتیکن و ئێمە ڕۆژانە ئاکامی نالەباری ئەم وەرچەرخانانە بە کردوە لە کۆمەڵگەدا دەبینین. سەرەڕۆیی تاکی سیاسی دەسەڵاتداری کوردی و خۆتێهەڵقورتاندنی لەو بابەت و پرس گەلانەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندی‌یان بەوەوە نییە و بردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری مەسەلەکان و گرێدانەوەیان بە نوخبەکانی سیاسی دەسەڵاتدارەوە لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا ڕۆژانە بە چاو دەبیندرێن و توێژی خوازیاری گۆڕان بەرەو مەدەنییەت بە دەستییەوە دەناڵێنێت.

بە سەرنجدان بە وەها بارودۆخێك پەسندکردنی تەنها دوو دەورە سکرتێری لە دوو کۆنگرەی بەدوای یەکدا خاڵێکی گرینگ و دەستکەوتێکی پڕبایەخی سیاسییە بۆ بەرەی دێموکراسیخوازی نێو کۆمەڵگەی کوردستان و بە حەق بۆ ئەوە دەشێت کە لەناو هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا پراکتیزە بکرێت.

درێژەی هەیە...

ژێدەر:
1. بەیاننامەی کومیتەی ناوەندی حدکا،18ی پووشپەڕی 1383ی هەتاوی، بەرامبەر بە 8ی جولای 2004ی زایینی.
2بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسندکراوی کۆنگرەی سێزدەیەم، 13 تا 17ی پووشپەڕی 1383، (3 تا 7ی جولای 2004ی زایینی).

3. هەمان سەرچاوە